سمكۆ محەمەد

# ئاژاوەی با

شیـــــعر

٢٠١٩

BOOK HOUSE in erbil

له بڵاوكراوەكانی ماڵی كتێب .ژمارە ٤




**كتێب:** ئاژاوەی با

**بابەت:** شیعر

**نووسەر:** سمكۆ محەمەد

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**نرخ:** ٣٠٠٠ دینار

**نۆرەی چاپ:** یەكەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠١٩ی زایینی.هەولێر

**ژمارەی سپاردنی (٤٩٢) كتێبخانە گشتییەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی بۆ ساڵی ٢٠١٩ی زایینی دراوەتێ.**

# ئاژاوەی با ...

لەنێوان بزێوی یار و ژاوەژاوی شـــار

خەجاڵەتی دەکێشــم کە خەریکە عیشقم بیر دەچێتەوە

چون عیشــق لەگەڵ دەستاو دەستکردنی پارەدا نەما

یار... هێندە ئاژاوەچییە

وەکو جاران شــەرمن نییە تا ئاشتم کاتەوە

ئەوەی کە یار دەیکات

لەکاری ئاژاوەچییەکان دەچێ... لەداخی خۆیان ســیپاڵی

خەڵک قەد دەکەن

لەداخی خۆیان گوێســەوانەی دوژمن سواق دەدەن

داخۆ کێ بتوانێ بەبێ یار گوێ تەقی هەمووشــت بێت

کێ بێت بتوانێ لەنێو ئەو حەشــاماتەی شار... شا

کەسێک بدۆزێتەوە

بڕواناکــەم کەس هەبێ... ژیانیش تێکچڕژاوە و من

نایناسمەوە

قەناعەتێکــی جوانە وەکو «کایا»* بڵێین ئەی یار (با

نەچین بۆ شار... بزر دەبین)

با نەچین بۆ شـــار ترسنۆک، درۆزن، چاوچنۆک،

بێویژدان، قاتڵی ڕۆح دەبین

هێنـــدە مەغرور دەبین کە نەتوانین نانی جۆ بخۆین و

شەوێک لە ماڵێکی قوڕپیندا بخەوین

لەوانەش خراپتر ئەوەیە کە ترســـم لە توڕەبوونی یار

لە ترسی حاشاماتی شار قورسترە

تازە درەنگە...

ســـاڵێکی تر کە من هێشتا لەخەیاڵی ئەودا نیم سەردانم

بکات

کەوتە بەر چەقۆی قەسابەکان

ئەو قەســـابانەی کە هەمیشە لەخزمەتی ورگ زلەکانن و

خەیاڵیان لای قوربانییە

ســـەیرم پێدێت شتێک هێشتا لەزەینی خەڵک ماوە کە

ژیان بە پێوەیە

کەچی کۆتایی دڵشـــادیی بە پشتوێنی بۆمبڕێژکراو بە
دەنگێکی نەشاز هاوار دەکات
ژیانێکی تر بەڕێوەیە...
بەڵام کەس ئەو ڕاســـتیە نازانی کە تەختی پاشا
لەناوەڕاســـتی شاردا چەند شەبەقێکی تێکەوتووە
ئەو کوڕانەش کە تادوێنێ حەزیان لە شـــۆڕش بوو وەکو
من
ئەمڕۆ بۆ ئاژاوە دەگەڕێنەوە بەر خوێندن و ســـۆراخی
یاری کۆن دەکەن
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆلای یار
بۆلای قەڵا ســـپییەکان و شوێنەواری دەستدرێژیی دوژمن
ئەمـــڕۆ دەگەڕێنەوە بۆلای کیڵگەی پڕ لەبەرائەتی ئەو
جوتیارانەی هەڵخەڵەتێنران بەشار
ئەمـــڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ خواردنەوەی ئاوی ئەو ڕووبار و
کانیەی بەلوعەکانی گرتەوە

مــن بەبینینی ئەم وێنانە غەریبی ڕابردووی خۆم و
ئارەزووی لەشساغی دەکەم
پیاوانی دڵتەڕی میریش... بەشــانازی و بەلووتی بەرزەوە
لەســەیرانن و ژنەکانیشیان لەژێر چارشێوەوە مەکر
دەکــەن و پێدەکەنن بەو دوکاندارەی لەداخی بێبازاڕی
نوستووە
لەحیرەتا گەرووم هیشــک دەبێ کە دەبینم خەڵک لە
نــوێ تازە دەبێتەوە و ئێمەش هەروا کۆن دەبین
لافاوی پێکەنین هەڵســاوە بەقەد زریانەکەی ئاسیا
گریانی پێیە
کەچــی خەڵک هەر گۆرانی بۆ ڕۆژئاوا دەڵێن
دەمەوێ دوور بکەومەوە لەو شــێتیەی کە ئاژاوەچییەکان
خودوویان پێوەگرتووە
یار ناهێڵێ... شار ناهێڵێ
لەبــری تورەبوون... وێنەیەکی کۆنی خۆم و یار کە لە

ڕۆژنامەیەکدا بینیمەوە

بەدزیەوە دەیبەخشمە ئاژاوەچییەکان

دەزانم ئەوانیش ماندوون

ئەوان ڕۆژنامە وەک سـفرەی جەنگ تێگەیشتوون

تەنها لە کەلاوەدا پشوویان داوە

تەنـها لە بەرباران خۆیان بەتەڕی بینیوە

لەپڕ کەسـێک بەخاترجەمیەوە کە ساتمەی دەکرد بەسەر پێپلکەکانەوە

گوێـم لێبـوو بەمنی دەگوت «نەرم و نیانن... تەنها بۆ شەو باشن»

من ئەمە بەتاوانێکی گەورە دەزانم

کەچی خۆیان پێی گەش دەبن و شـەنگ دەیانگرێ

هەر ئەو کەسـە هات و گوتی ئەمڕۆ یار نایات بۆ شار ,

نۆرەی پیاوە

حەریمێک لەجیاتی توڕەبێت

دێــت و ختوکەم دەدات و گەرەکیە بەدەنگی بەرز ببمەوە
بە پیاوەکەی جاران
لەبــەر پێکەنینی جەنگاوەر و دیلەکان
حەشامات و بینەرەکان
پیاوانی بازاڕ و ژنی میرەکان
کەس نییە وەکو ئەوان لە ئاســت خۆیان دابچڵەکێ
من هێشــتا لەهەیوانی کۆشکەکەی باپیرمم و بیر لە یاری
کۆن و یاری شار دەکەمەوە
عادەتەن لەجیاتی میر یش
سەری نەوازش بۆ ژنەکەم دادەنەوێنم
دیسان ئاوڕێک لە ئاژاوەچییەکان دەدەمەوە
لێرە بەســەرهاتی سفرەیەکی خاڵی لە گۆشت
قەســابخانەیەک تەنها مێزەر بەسەرەکان دەناسن
گەڕەکێکی تەماوی لە بۆنی خوێن و پیســی کاسکردبوو
گەڕەکێکیــش لە بۆنی جگەر و هەنا و چڕە دوکەڵ

پاسەوانەکانیش وەک سەگی بەڕەڵڵاَ
لەحەژمەتان سیپاڵی یەکتر دەدڕن
ســەنگەریان لەو خەیالآنە گرتووە کە دوژمنی شارە
ئەمەیان میر نییە و چڕی شــار نییە
خەتای تووڕەبونی یارە...
خەتا لەوەیە کە ئەوکاتەی هەموو شــتێک وەکو بنێشتی
کۆن دەبزڕکێ
خرمە خرمەی دەستشــکاندنی من و ڕنینەوەی پرچی یار
بەدەستی پۆلیسی خەیاڵ لە شاردا
هێندەی خەڵک دڵڕەق کردووە
فرمێسکێک نابینی بەچاوی کەسەوە
شــار چەند ناخۆشە... هێندەش بە ئاژاوەچییەکانەوە
جوانە
یاریش هێندەی شار ئاژاوەچییە...

*کایا: ئەحمەد کایا , هونەرمەندی ناســراوی کورد , یەکێــک لە نارازییەکانی دەوڵەتی تورکیا بوو , لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

# کچانی شانزەلیزێ

دەنگی تریقەی پێکەنین دەبیســتم بەدەم هەنسکێکی
بەکوڵەوە
شــتێک دەبینم کە ناتوانێ هیچ پەیامێکی خۆرئاوا بنێرێ
بۆ خۆرەتاو
شــتێک کچان بەدوو چاوی شینەوە نایبینن
من بەم کوێرییەی خومەوە دەبینم
لێرە هیچ کەس فێری ڕۆژی دابەشــکردنی ئارەزوو نابێ
لەهــەر لەحزەیەکدا خۆزگە بۆ زیندووکردنەوەی
لەحزەیەکی مردوو دەبیستم
دەمەوێ بڕوا بەکچانی شــەقامی شانزەلیزێ بکەم
کە جیراڵدین لێرەیە و نەمردووە
کەچــی بە گریانی من پێدەکەنن و بۆ بەدبەختی خۆیان
دەگرین
ئــەو کچانەی ناتوانن نامەکەی «چاپلن» بخوێننەوە کە
لەترسی ئەوان نووسیویەتی

ئەو کچانە دەبینم کە لەترســی تەمومژی خیابانەکانی
پاریس ناگەڕێنەوە ماڵ
لەترســی کۆلانە تەنگەبەرەکان لەگەڵ رەش پێستەکان
شەراکەت دەکەن
ئێرە ئاوهایە... ڕەش و ســپییە نەک ئەو پرتەقاڵی و
پەممەییەی لەدوورەوە دیارە
بێ ئەوەی ئاگام لەخۆ بێت
لەوێ لەبەردەم پەیکەرێکی وشــکهەلآتوو دابەشبوومە
بەشــێکم لە ڕۆژئاوا و بەشەکەی دیکەم لە ڕۆژهەلآت
نازانم بەشەمەندەفەر بڕۆم یان بەپێ
کچێک بەجلێکی گۆشتینەوە دەڵێ:
(ڕاوەستە وێنەیەک بگرین)
نامــەوێ پرچی دایکم بۆ حەزی باوکم لەبنا ببڕم
ئەو چەند بەســادەیی باسی مەرگی موقەدەسی دەکرد
چەند بەســادەییش بەشوێن هیچ دا دەگەڕا

ڕەوە کچێک بە تەقڵە دەڕۆن و
ڕەوەیەکی دیکە دەچن بۆ شــوێنێکی خاڵی
تۆفانی پێکەنین هەڵدەســێ لە مەحشەری دەریایەکی
سوێر
ئەوێ غەرقی مانای بێخەوشی
و هاوڕێیەتی و ئاوازی دیلێتی یە
ئەو کچانە هەر ئەوەندە دەزانن...
ژیان جگە لەماچێکی وەهمی
دڵ ناچێتە سەر هیچی تر
شــانزەلیزێ ناخەوێ تاکو ئیڤل بەخەبەر نەیێت
تا پیاوە قەمبوورەکەی نۆتردام
پشتی ڕاست نەکاتەوە
تا بۆڤێ نەگەڕێتەوە نزیک دەریا
تاکو عەتر تەواوی شــار غەرق دەکات لە بوونی کچ
تاکو من دێمەوە ســەرخۆم و دەگەڕێمەوە ماڵ

جارێکی تر تریقەی پێکەنینە

بەخەیاڵەوە ڕێدەکەم

وەختێک بەخەبەردێم

لویس لەکۆلآنێکی تەنگەبەر لەگەڵ چەقۆکێشـــەکان

ڕاوەستاوە

مارکس جارێکی تر مانیفێســـت دەخوێنێتەوە

وەلێ کچەکەی لەسەرەمەرگە

و دایکیشی لەترسا دەگری

کامۆ لەترسی تاعون یاخی دەبێ

ڕامبۆ لەگەڵ مالارمێ

و باڵــزاک جنێو بەدایکی خۆیان و بە ژیان دەدەن

لەولاوە

دیمەنێکــی کۆمێدی بەبێ چارلی چاپڵن نمایش دەکرێ

پیاوێکی ڕیش سپی

لەبــەردەم هۆڵی ئۆپێرا جوێن بە پۆناپارت دەدات

پۆلیسەکانیش پێی پێدەکەنن
کچانی شانزەلیزێ
کچانی خەمی نەبیستراون

رۆژەکان دەنێژم

هەموو سەرکێشییەک لە شەودا دەکرێ
تەنانەت یاری تاروت ی میسـرِیش کە بەدەستی پیس
دەکرا
سزای کۆیلەکان بوو
من لە کۆنەوە ئەوەم بیســتووە کە سزا ئەوە نییە
لەتۆڵەی تاوانێک کەسێک بکوژی
ئەوەیە لە ژیان و عیشــق دوور بخرێیتەوە
ئەمــە جیاوازی نێوان گێلێک و زانایەکە
دەستبەرداربوونی هەستانەوە لەکەوتندا
وەکو جێهێشــتنی مەسیحە بەسەر خاچەوە
ئــەو خاچەی لە قینی بێگانەیی خۆمان بۆ خۆمان
منداڵێکی دیکەی جوانی بەرهەمهێنا
بــەڵام نەیتوانی لێرە لەلای ئێمە بمێنێتەوە
وەکو پیاوێکی شتکســتخواردووە بەدەستی ژنەکەی
ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە لاشــەی پان و پۆڕی

دەدا بەردەگا کلۆمدراوەکەی ماڵەوە
ئەمە ئەو ترسـەیە کە لە ڕوخساری هەموومان دەبینرێت
و دانی پێدانانێین
وەکو ئەوەیە لەداخان سـێبەری خۆت جێبهێڵی
وەکـو ئەوەیە لە دڵی تاریکییدا فاڵ بگرییەوە
وەکو ئەوە وایە گەوهەرێک بە یاری شـەتڕەنج بدۆڕێنی
یان هاوشـێوەی براکەت لەدوورەوە وەکو شەیتان کە
نزیک دەبێتەوە لە عەدەن
تەماشـای باخچەکەی ماڵی پاشا دەکا
هەسـتم بەوە کردووە هەموو شتێک عاجباتی بووە
تەنهایی لە نوقمی شەودا خۆشترە
وەکو دەوڵەمەندەکان بترسی
ڕۆژیـش لە ئاوەدانیدا لە خۆبایی بی
سـەرکەوتن لە بڕینی ڕێگای دوور و گەیشتن بە لوتکەی
چیا خۆشترە

وەختێک تێکەڵی خەڵک دەبی
دەزانی کە بۆچی باڵا بۆشـــەکان چارەنووسی ڕۆژهەڵات
دەنووسنەوە
چونکە مرۆڤ لە بەرپرســیارێتی زەمیندا درۆزنە
ئەوان زانیویانە یەک کۆڵان بۆ ســەگی بەڕەڵا هەیە
ئەوەشیان زانیوە یەک دۆزەخ هەیە
هەر ئەمەیە تاقمێک لە ڕیزی ســوپا و تاقمێکی دیکەش
جوامێری دەفرۆشنەوە
لێرەوەیە خەونی بردنەوە بەبێ برســێتی نییە
مرۆڤیش لە شــەودا بەدوای ئەفسانەی خۆیەتی
باوەڕیشــی بە یەک کەسە بۆ هەتا هەتایە
ئەم فەلســەفەیە وەکو چەرمی پاساری بێ بڕستە
ترپە ترپی دڵی زیندانەکان ســەلماندوویانە
ئەوان دەزانن هەمیشە کارێکتەری شانۆن
کەچی غافڵگیرن لەوەی لەدوای ئازاد بوونیشــیان

زیندانێکی گەورەتر
لەبڕی ئێسک گۆشتت دەخوا
باوکم دەیگوت هەموو ئینســانێک خاوەنی بیرۆکەی
ئاشتییە
کەچی هەمیشــە سەرقاڵی پاڵەوانێتی و بردنەوەی
جەنگە
ئەوان وەک دێوانە ڕەنگیان پەڕیوە
کەچی ڕوخساریشــیان ماکیاژ دەکەن و بەیەکتر دەڵێن
دەمناسییەوە؟
ئــەوان هەڵپەیانە لەم مەفتەنەوە بچن بۆ نێو بەفر
کەچی شــەڕیانە لەسەر کونجی شارێک یان گەڕەکێک
یان کۆلآنێکی گەرم لەســەر وێنەی پاشا
بەدیار ژیلەمۆشەوە نوزەیان بێ
ژیان قورســە ناخوێنرێتەوە کە تیشکی هەتاو
دەیگرێتەوە

گێلێتی مرۆڤ بەم فەلسـەفەی شەوانەوە خوی گرتووە
خۆشەویستیش لە شەودا سەختترە
کچان لەشـەودا دەبن بە قەرەج و ترسیان لە جنێوی
دایکیان نامێنێ
کوڕانیش لەشـەودا بێباکترن و ترسیان لە ئێسکی
قورسی باوکیان نییە
شـەوگەڕەکان لە خۆڕا نییە لەشەودا شیعر دەنووسن و
گۆرانی دەڵێن
تەنانەت دزەکانیش لەشەودا جوامێرترن
شـەو بێباکی و جوابی لوتبەرزی ڕۆژە
من بڕوام بەوەیە کە ژیان بە ترسـەوە خۆشە
برِم بە قسـەی ئەوانە ناشکێ کە چاویان ناتروکێ
وام لەخـۆم کردووە هەموو ڕۆژەکانم وەکو یەکبن و
شەویش قەرەجێکی ئازاد
لەو ڕقەوەیە... یەک یەک دەیاننێژم

بەقەد ژیانی گێلێک چێژ لەهیچ دەبینم و شـــەوەکان

دەنووسمەوە

ئەگەر موســـافیرێک بومایە، بیرم لە ژنی دونیا

دەکردەوە

شــەش ڕۆژ جارێکیش دەچوومە مەجلیسی ئەو پیاوانەی

لە جەنگ دەگەڕێنەوە

ئەزموونـــی تەنهاییم فێری کردم کە ژیان بریتییە لە ترس

لەوانەی خۆشت دەوێن

بڕواناکەم لەهیچ گەڕەکێکەوە گوزەرم کردبێ و عاشــقم

نەبینیبێ

کەچی هێندە ســـارد و ترسانک بوونە وەکو ئەوەی

سەهۆڵآویان پێداکرابێ

بڕواناکەم هەموو کەس ئەم هەســـتەی هەبێ

شـــتێک هەیە لەسەر کاغەز نانوسرێتەوە

وەکو چاکەی فەیلەسوف و پەیامبەرەکان

وەکو ناوی ئەو موســافیرەی کەشتییەکە جێیهێشت
شــکۆی هیچ پادشایەک نییە وەکو ئازابوونی ئاو
بنوسرێتەوە
ئەوان بۆیان دەنووسنەوە و ڕووبار دەڕوا
ئەوان لە شــکۆی پاڵەوانەکانی شەوەوە دزی لە ژیان
دەکەن
ترســنۆکەکانیش لەسەر سفرەی خوان گۆرانی دەڵێت
ژنیش وەکو شەیتان دەبینن
دەماری شــەو و ڕۆژ لێرەوە دەبینرێ
لــۆرکا بەمەی زانیبوو بۆیە خەمی کچە قەرەجەکانی بوو
وەکو پاولۆش دەڵێ ئەنارشیســتەکان لە شەودا گەنجینە
دەدزن و
لەســەر جامخانەی شارەکان دەنووسن پێویستمان بە
مێشکە
مەولانا لە خۆڕا نییە بەســەما ئەندازەی بەرامبەرەکەی

دەکێشێ

ڕۆژەکانم بەم فەلسەفانەوە دەنێژم

بڕیارم داوە بە بێدەنگی هەموو شــتێک ڕەت بکەمەوە

## خانمەکەم...!

بەبیرم نایا خۆم لە بیربێت
یان ژنێکم ناسـیبێ وەکو تۆ هێندە حەز بکات ماڵێکی
هەبێ
لەوێوە تێگەیشـتم کە هەموو شتێک پێچەوانەیە
هەموو شـتێک لەدژی ئەویتر لەدایک دەبێت
تـۆ لەدژی من هاتووی و منیش لەدژی تۆ
بەدەسـت خۆم نییە/ حەزدەکەم لەگەڵ خۆمدا تەنها بم
چونکە دیارنییە/ دەریا کەی ئاراسـتەی خۆی دەگۆڕێ
عیشقیش کەی لەجەنگ تەواو دەبێ
تەنها ئەوکاتە نەبێ کە مردن قسـە دەکا
ئەوکاتـەی کەژیان خامۆش دەبێت و دەنگی تەقە و
ئاژاوە نامێنێ
ئەوکاتە بیری شـەڕ دەکەم/ بیری گریانی ژنەکەم
ئەمـە دوا دێڕی گۆرانیەکی ناچارییە بۆ خانمەکەم
زۆرم گوت خانم لێم گەڕێ با نەیەم بۆ شـار/ با نەبم

بەشـــەریکت/ نەبم بەو پاڵەوانەی کەهێشتا سێبەرە و
تـــۆ خەوی پێوە دەبینی/ بانەبم بە پارچەیەک لەکوڕانی
ســـەر شەقامەکان/ لەبری ماچ جنێوت پێبدەم.
من دەمزانی دواتر کابوســـێک لەبەرگی تۆدا دێت و
پێمدەڵێ
بەهیـــچ نابی... تۆ قەت بەهیچ نابی
خانـــم من نەمگوت با بۆ یەکتر نەبین و پێکەوە
لەدەرگای ماڵێکەوە نەچینە ژووریٚ
توخـــوا نەمگوت با پێکەوە نەبین/ نەبادە بەختم وەکو
کاغەز بخەیتە نێودەســـتی مناڵێک و هەرخۆت پێی بڵێی
بیدڕێنە
ئەوکات منیش لەخۆمەوە دەســـتپێدەکەم کە لە داخی
سەربەســـتی تۆ و زیندانیکردنی عیشق
پیرۆزی دابڕان بخەمە شیعرەوە
پێمگوتـــی خانم/ زۆرم پێگوتی وابڕوات من ناتوانم

چیرۆکی خۆم و تۆ بنوسمەوە
من بەر لەخۆم/ کەسـێکی تری وەکو تۆ هاتبوو سۆراغی
کردبووم و دابڕاین لەیەکتر
ئەو ئێسـتاکەش بەنێو کوچەی شاردا بۆئەو کاغەزە
دەگەڕێ کەبەدەستی منالێک دڕا
هەر ئەوکاتە خانم/ لەجیاتی من گوتبوت لە سەربەسـتی
مەگەڕێ
جگە لەگێلێتی جوانیشت لێدەدزێ
تۆ بووی بەقوربانی سەربەسـتی/ منیش گوایە
شۆڕشگێڕم
بەسەر ئەسپێکی لەڕەوە دەمگوت
ئازادی... ئازادی
ئـەم دەنگە گەرووی تاکو بازاڕ بەرزبووەوە
تـا ئەو جێگەیەی خانمەکەم لەبەردەم زێڕەنگەرەکان
بینی/ قاقا پێدەکەنی

ئێستاکە لەشێتخانەی
خانـــم من بەهۆی تۆوە هەژار کەوتم/ تۆش بەهۆی منەوە
دەوڵەمەند بووی
من بیرم نایە کەی ڕۆیشـــتووم/ تۆ بیرت دێت کەی
دەســـتت لەهەویر بەرداوە بۆ شەڕی پیاو
ناچـــارم بڵێم لەوەتەی تۆ لەنێو دۆزەخدا کەوتووی
من درۆدەکەم!
درۆدەکـــەم و دابڕاوم لە ئەوینی بێدەنگیت/ لە
شـــوکرانەییت لەسەر تاشەبەرد/ لەچەماوەییت کە داپیرت
بە وەرەسە بۆی جێهێشتووی
تەنها لەو بارە قورســـە دانەبڕام کەبەسەر شانمەوە بوو
ئێســـتا سەرباریشی هاتە سەر/ کە تۆی
خانم خەتا لەتۆ بوو کەچۆڵاییت لێکردم بەحەشـــاماتی
کۆتایی ژیان
خەتـــای تۆ بوو کە بە تەنها بوویت بەمێگەلێک لە ژن

هەریەکێکت لە قولکەیەک ڕاگرتبوو و سێرەیان لەمەرگ گرتبوو/ لەپانتاییەکی دیکەی ئاسمان بۆ ژیان دەگەڕان/ لوتبەرز وەکو شەیتان/ کەهاتنەوە خوارێ/ هێشتا ژن بوون.

تۆ ئێستاش باوەڕ بەمن ناکەی و دەبینم بەپێیەکانی من ڕێدەکەی

پەنجەی من ڕادەوەشێنی و شەق لەسێبەری خۆت هەڵدەدەی

هەر جارەی لەلایەک سەردەردێنی

کە پێتدەگوتم کەی نوێژ دەکەی/ سەرم بۆ دەچەمانیەوە

کە دەعوەتی مۆم داگیرسان و تەراتیلی دێرت دەکردم/

سوپاسی مەریەمم دەکرد

وەختێکیش بەسەر پشتی گایەکەوە دەهاتی/

پێتخۆشبوو بەجلێکی هیندیەوە نمایش بکەی و پێکەوە

**حەشر بکرێین**

**ئێســتا دەمەوێ بڕۆم و پێم ڕێدا ناگرێ بۆنی عەتری**

**بەجێماوی تۆ نەکەم**

**مــن ناچارم بەدرۆش بێت / هەر لێرەبم وەکو داهۆڵ**

**هەر بەناچاریش لەپشــت پەیکەری ئەبو عەللای**

**مەعەرییەوە وەکو دارێکی وشک هەڵاتوو**

**چاو لەتۆ بکەم و خەیاڵم لەبیابانی بێســنووردا بەجێبێڵم**

**خانم بڕوانە تەنیشــتی خۆت/ بڕوانە ئەوبەری خۆت/**

**بڕوانە سێبەری خۆت**

**چۆن دەبی بەخۆت و دەگۆڕێیت**

**تەماشــاکە و بزانە بۆچی/ ژنێکی نەزۆک کتێبێکی**

**بەرگ ســەوزی لەمێردەکەی دزیوە/ بۆچی بە ستیانێک**

**دەیگۆڕێتەوە**

**بۆچی ژنێک بەڕووتی بەنێو جامخانەکانی بازاڕدا پیاســە**

**دەکات/ تــف لەکابرای کوتاڵ فرۆش دەکا**

بۆچـــی ژنێکی تر لنگه نەعلێک لەوێنەی مێردەکەی

دەگرێت و هەر خۆشـــی بەدیاریەوە دەگری

ژنێکی تر لەســـەر چەند پارچە زێڕێک لەگەڵ مێردەکەی

شـــەڕیەتی و پیرێژنێکیش بەتەنیشتیانەوە لەگەڵ

پیرەمێردێک بەژیان پێدەکەنن

بزانـــە بۆچی ژنێکی تر لەقینی پیاوە دەنگ بەرزەکەی/

بەرد بە با دەکا

ئـــێ ی بۆ ژنێکی تری خان و مان

(ڕاوەســـتاوە لەو بانە/ دەستی لە کەمەر دانا/ هەر

دەڵێی کچە سوڵتانە)

بۆچی ژنێکی تر دەبینم پرچی ســـپی دەهۆنێتەوە بۆ

دەنگی پێی پیاوێک

بۆچی ژنێکی تر بەســـەماکردنەوە تەماشای کوشتنی

براکەی دەکا

بۆچی ژنێکی تر خۆی دەســـوتێنێ و جلەکانی بۆ

یادەوەری حەشار دەدات
ئەی خێرە ژنێکی تر بۆسەربەستی دەیەوێ خۆی بدات
بەدەم ئاودا
تۆش لەبری من ناوی هەموویان دەنوسی و ناوی خۆت
بیر دەچێتەوە
ئەمانە ژنەکانن/ ئەوەش منم لەگەڵ پیاوە خەسیوەکان
دیار نیم
ئێێیی خانم
من خەیاڵ گرتوومی  و پێموایە لەمێژە لێرە نییم
سەرخۆشم بەژن و خەریکم دەفتەرەکەی بەرباخەڵم
دەسوتێنم/ تۆش هەر لەخەیاڵی ڕووت کردنی سینەتی.
مەستم بەژن و خەریکم سەعاتەکەی دەستم دەشکێنم/
تۆش هەر لەبیری گەڕانەوەی زەمەنی
خوویەکی خراپە کە وەکو چارلی چاپڵن فێری کاتژمێر
شکاندنت کردم

تــۆش وەکو ئەوانی تر/ لەبری ئەوەی جۆش دابمێنی /
پێم پێدەکەنی
سی ساڵی ڕەبەقە خانم
ســی ساڵی ڕەبەق/ ناوی ڕۆژەکانی هەفتەت لەبیرم
بردۆتەوە/ جگە لەناوی خۆت
نەتهێشــت ناوێک بدۆزرمەوە بەقەد ناوی ژیانی سەر
زەوی زەحمەت بێ
هێندەت گەورە کردم خەریکم ژمارەی ســاڵەکان
لەغروریدا دەسڕمەوە
دەمەوێ بەخەیاڵ بچمەوە بۆ سەمەرقەند
تەمەنیشــم هێندەی مەوداکانی ئێرەو سەمەرقەند بڕ
ناکات
لەوەش نەگبەتی تر ئەوەیە جورئەت ناکەم لەســەر
لافیتەیەک بنوسم
ئازادیــم بەژن گۆڕیەوە و تۆش بەماڵ

خانمەکەم بڕوانە
کە لە دوورەوە تەماشـــای تۆ دەکەم و تف لەو کتێبە
دەکەم کەباســـی ئادەم دەکا/ لەسەری نوسراوە ژن/
چیرۆکـــی هابیل و قابیلم بۆ مەگێڕەوە
نازانم بۆچی کە باس دێتە ســـەر نهێنیەکانی فیرعەون و
یوســـف/ تۆ تەنها چیرۆکی زوڵەیخام وەبیر دەهێنیتەوە
نازانم
لە کەیەوە توشـــی ئەو نەخۆشیە بووم کەناوی ژنە
من دەزانم ئەم قســـانە سەرم دەخوا
دونیام لێبووەتە چەرمی چۆلەکە و پەردەیەکی شاشـــی
تەنکم لێبووەتە دیواری چین
ڕەهەندی حەرفێکم لێبووە بەدەیان فرســـەخ و هەرچەند
دووربی هەر نزیکمی
خۆزگە وەها نەدەبووم
نەخۆم و نەتۆشم نە ناسیبا

ئێســتا ناوێرم بچمە هیچ مەجلیسێکەوە
نەبادە پێم بڵێی تۆ نوێژ بۆ ڕاســپۆتینەکان دەکەی
من پێشــتر وانەبووم تا تۆ نەهاتی
بــەر لەوەی لە ڕۆژنامەکاندا کاریکاتێری خۆم ببینم
بەدیار کۆڵەمســتانێوە دۆشدامابووم و پڕ بەگەرووم
دەمقیژاند
بژی ئازادی...
لەبیری ئەوەدام بۆچی هەمیشــە پێتدەگوتم گێلە و
نەمدەزانی بۆ
ئەی خودا چەند غەریبم
تازە خەریکم لەباوکم یاخی بم
وەک ئــەو منالآنەی لەمەکتەب یاخی دەبن و
دەفتەرەکانیان دەدڕێنن
تازە خەریکم یادەوەرییەکانم بنووســمەوە و بیدەمە
ڕۆژنامەیەک و بمکات بەپاڵەوانی مانشــێت

تــازە خەریکم گومان لەزمانی خۆم دەکەم
غەریبم/ غەریبتر لەتۆ خانم
کەمێک بگەڕێوە/ بزانە چۆن بووم بەخواپەرســت و
نەشمدەزانی ڕوو لەکام مەعبەد بکەم
چۆن بووم بەعاشــق/ نەمدەزانی بەیانی باش لەتۆ بکەم
کەتەنها سێبەرەکەتم دیبوو
خــۆم زیندانی کردبوو/ دەرگاکانم بەو پەنجەرانە
دەگۆڕیەوە کە هەناسەی ژوورەکەمی نەدەگۆڕی
بــووم بەو تەیرە عاجباتیەی کە لەجیاتی لەقلەقەکەی
ناوشار نەدەچووە سەر منارەی مزگەوت
هەموو ئەو غایلانەم کرد و نەمزانی خانم/ ژن ســرکە/
یان لەتاقی بەرزدا عاسی بووە
نەمدەزانی بۆ دانابڕێم لەم مەفتەنە شــڵۆقاوە
وەک ڕێبوارێکی تینوو لەبیاباندا
درەنــگ بیرم کردەوە/ داوای قومێک ئاو بکەم

لەو ڕۆژەوەی چارەنووســی خۆم دایە دەست تۆ
زەندەقــم چووە لەوەی خەیاڵم بڕوا و چەکدارێکی بێ
شــوناس داوای شوناسم لێبکا و پێم نەبێ
کەســێک پرسیاری بوون بکا و جوابم پێنەبێ
هەواڵی ڕۆژنامەیەک بخوێنمەوە و لەتەنیشــتیەوە وێنەی
چەقۆ و دەمانچە و شــقارتە کێشرابێ
تــرس قەناعەتی تەواوی بەقەدەر پێهێناوم کە من و تۆ
دوو شــتی جیاکراوەین/ هەر دەبێ جوداشببین
ناوێرم لەقەراخ شــار کەمێک بەتەنهابم/ تۆ لەوێی
کەجەنجاڵی شــار دەبینم/ وەکو پاڵەوانەکانی کافکا خۆم
لێدەبێتە جانەوەر
پێموابوو لەســەدەی سێهەمی بەر لەدایکبوونی نیشتیمانم
لەوەتــەی تۆ لێرەی و من بەپێوەم
جاربەجار خەیاڵم بۆ خۆکوشتن دەچێت
ترسم هەیە کودەتام لێبکەی

ترســم هەیە داوەتی شێوەزارەکان بکەی/ بێن بۆ
فەرهودکردنی کتێبخانەکەم
دەترســم بمخافڵێنی بەنیازی تیمارکردنی هەر وشەیەک/
حەرفێکم پێبکوژی
دەترســم ناوێکی خۆش بۆ شیعرێکی لیریکی هەڵبژێرم/
بەخیانەت بۆم بنوسی
لەخەویشدا ناوێرم لەسەر کورسی دانیشم
لەترســی ئەوەی پاسپۆرتەکەم بدەی بەموسافیرێکی گێل
بەخەیاڵیــش بیر لەموڵک ناکەمەوە/ نەبادا وەکو
«مالیکــول ملوک»ەکان لەمەنفا واوەترم ببەی
دەترســم بە شیعری نوێ گۆرانی بڵێم
نەبــادا وەک پاتە لەپێکان مۆرەم لێبکەی
ناچمە ئەو وێســتگانەی کە قافڵەی پێدا تێپەڕدەبێت
یادەوەرییەکانم لەحەوت کون دەشــارمەوە و شکستی
نیشــتیمانیش دەدەمە دەست کچێکی قەیرەی کارقایم

ئەو نهێنی مانەوەی خۆی شــاردۆتەوە و تف و نەفرەت
لەشوو دەکا
کەواتە خانم دەتوانی منیش بشاریتەوە
مەترسە تازە پیاوەکەی جاران نیم
شــەرتم کردووە چیتر بەهەڵە تەماشای سینگی نیشتیمان
نەکەم
بەرپەرچی مەلاکان نەدەمەوە و قســە لەقسەی
قەشەکانیش نەکەم
بەتەنها بیر لەنەخشــەیەکی نوێ بکەمەوە کەجێگەی
خۆمی تیاببێتەوە و بەس
بیــر لەچیرۆکێک نەکەمەوە کەمناڵەکانمی تێدا ببنە
پاڵەوان و بەشەمەندەفەر سەفەربکەن
تەماشــای پەنجەرەی هیچ باڵەخانەیەک نەکەم
بۆ ئەوەی کلآوەکەم نەکەوێ
لەپەنای ئەو دیوارانەش ڕاناوەســتم کە پاسەوانەکانی

نیشتیمان بەدەم گۆرانی گوتنەوە
وەنەوزیان گرتووە
چونکە دەزانم ئەوان خەویان بۆخۆیانە و بێداریشـــیان بۆ
من
مــن هەر لێرە دەبم خانم/ هەر لێرەم...

بروسکه

دیمانەیەک لە غروور
نووسینێک بەقەڵەمی گوناهبارەکانی جەنگ
کە دوژمن وەک دۆســت و براکەی وەکو دوژمن تەماشا
دەکا
خوێندنەوەیەک
بەزمانی مێرد منداڵە میراتگرەکانی ســەر شەقام
کە بەدزی‌یەوە گۆرانی یەکتر دەڵێنەوە
وەسییەتێک
بۆ وەرزێری دوورگە وشــک و برینگەکان
کە هێشــتا هەقایەتی ساڵی بێ بارانیان نەبیستووە
تێڕامانانێک
بۆ فاڵچییەکان کە هێشــتا لە فنجانە قاوەیەکدا
سەوسەنێک... سیمبولێک
لە چلەی زســتانە زەقێتەیەکدا موتووربە دەکەن
گۆرانییەک

بۆ ئەو کوڕەی لە عەسـره کۆچی چرکە نارجبییەکاندا
پەلکە زێڕینە دەکاتە موژدە
بەخاتـری لەدایک بوونی خۆرێک کە لەلای چەپی
ماڵیانەوە هەڵهاتووە
زەماوەندێک
بـۆ ڕەهەندی مەرگەکان و گۆڕینی مانگی هەتاوی بۆ
مانگی هەنگوینی
ئەو مانگانەی لە باوەشـی شەوەکاندا تینوێتی لەشیان
بەلەززەتی
ماچی ژێر باران دەشـکێنن و لەژێر پێخەفدا بەخەسار
دەچن.
ئەمانە هەموو لە شـایلۆغاندا نیین و لە شـیندا نیین و لە
شێنەییش نیین.
کەچی مەڕاسیمیان بۆ دەگیرێ
لێرە مەڕاسـیمەکان بەر لەوەی پاڵەوانی جەنگ نمایش

بکەن
خێرا میدالیا دابەشدەکەن
نامەکانیش بەر لەوەی بخوێنرێنەوە
دەچنە ژێر دەســتی بێ ئابڕووەکان کە غروور لە
ئاوێنەشدا وێنەی گۆڕیون
لێرە هەموو گوناهێک بەر زمان کەوتووە و لە گۆڕســتانی
غەریباندا کۆدەکرێنەوە
بێ زمانەکانیش لە ســاڵۆنێکی پاکژدا دەخۆن و دەڕین
من بێدەنگی خۆم لە لیبیدۆی شــیعردا نووسیوەتەوە
قەناعەتێکیشــم بۆ درووست بووە کلکی کەر لەخۆڕایی
ناقرتێ
کاتێک گرەو لەســەر خۆشەویستی و کینە دەکرێت
کەسێکی چەنەباز پێم دەڵێ
دەنگ هەڵمەبڕە بۆ دەفعی بەلآ
کــە دەنگ هەڵبدەبڕی (نرخی بێدەنگی بزانە)

که تەنها بووی (نرخی ســەر بڕین و خوێن بزانە)
کە ڕێبوار بووی (نرخی چەمانەوەی گۆچان و پشــتی باوکت بزانە)
کە ســەفەری شارت کرد (نرخی شۆستەکان و فراوانی شەقامەکان بزانە)
کە داوەت بووی (نرخی ئەوەی نێو دڵت و ئەوەی ســەر زارت بزانە)
من تەماشــای درۆی دەقە مێژووییەکان دەکەم
بۆچــی کۆیلەکان نێوچاوانیان وێنەی درهەمی پێوەیە و زمانیان بەگوتەی جێگیر بژاوە
پێموایە دووژمنداری مرۆڤ کۆنترە
لە سەرەتای هاتنی خۆی
ئەمە لە ڕووداوی شــەوانی تاریکدا زیاتر دەسەلمێنرێت
ئەو شــەوانەی عەیب و عاری پێستی ئاژەڵ و جەللادێک وەک خۆی دەشارێتەوە

زەوی خودا فراوانە وەکو دەڵێن
ئەگەر زمان بە فیتنەیەکی جوان تەسکی نەکاتەوە
من برووسکە دەنووسمەوە بۆ ئیوە
بۆ ئێوە کە خۆتان برووسکەن.

# شارێکی ناتەواو

شـــیوێکی گەورە بەناو هەموو شارێکدا دەڕوات
هەردوولا ئەمبەرو ئەوبەریان لەیەکتر گرتووە
ژیان بووە بە پاپۆڕێکی شـــڵۆق و هەرکا نغرۆ بوو
مەحوی گوتەنی: (هەموو دەشـــچن بە خنکان و لە
وشکیشە مەلەی مەخلوق)
شـــار خەریکە لە وشکانی ڕۆح و بەزیی و ئارەزوو نغرۆ
دەبێ
شـــار ئەو پاپۆڕەیە کە لە ڕقی کچێکی تینوو بەژیان
خەریکە کون دەبێ
پاپۆڕێکی دی بەتەنیشـــک شاردا بە خەیاڵ تێدەپەڕێ
بە هەشـــتێکی هەڵگرتووە و بە ئێمەی ڕەوا نابینێ
دەنگێکـــی منالآنە و وێنەیەکی ڕووتی منالآنە و
پاسەوانێکیش وەکو مندالْ
لەبەر بێتاقەتی پێکەوە هەمووانی لە نزیک پاڕکی شـــاردا
ڕاگرتووە

لە دوورەوە چاوم لێیە
نووسەرێک خەریکە خۆی دەکوژێت
بیر لەوە دەکاتەوە لەدوای خۆی
لەبەردەم پارکەکە پەیکەری بۆ دروســت بکەن
مامۆســتایەک بیر لە سەرهەڵگرتن دەکاتەوە
بۆ ئەوەی یادەوەرییەکانی لە قوتابخانە بنووســرێنەوە
کرێکارێک بیر لە شۆڕش دەکاتەوە
تاکو لە دیوارێک و ماشــێنێک وێنەی هەبێ
هەموو ڕۆژێک لە گۆڕســتان دەنگی ناڕازییەکان بەرز
دەبێتەوە
ناڕازی بوون دژ بە پەیکەری نووســەر و یادەوەری
مامۆستا و خەیاڵی کرێکار
شــار ژاوەژاوی تێدایە، ڕاو ڕاوێن و بەردە فڕکێیە
جوتیارێک بۆ کڕینی تەســبیحێک هاتووە
لە کێڵگەی ســەوزەوە بۆ جۆباری زەرد و پیاوە

سوورەکانیش تەماشاکەر
بە پەیکەری خەیاڵیی و یادەوەری مامۆستا و کرێکار
پێدەکەنێ
شار دەمەقاڵێ لەگەڵ خۆی و والیی خۆی دەکات
من کە هەست بەو جەنگە دەکەم
هەناسەی شیعرم درێژتر دەبێ
چاوقایمانەش وێنەیەکی تر دەبینم کە لەوەدەچێ
تا ئێستاش ناپلیۆن و عەشتار بەدزییەوە لەبەردەم ئەو
پارکە
شەڕاب بخۆنەوە و ڕەمڵ بۆ شانازی شار لێبدەن
ئەوان چاوی منداڵەکانیان بە شیری مەمکی مریەمی
عەزرا دەشۆن
لەڕقی جامانە بەسەرەکان
چاویلکەی رەش لەچاو دەکەن و هەموو دونیا بە ڕەش
دەبینن

شار لەنێو هەر دێڕێکدابێ
شیعرێکی ترسنۆک لەدایک دەبێ
لە ڕێی گرووپی خوێن بەخشەکانەوە
دەنگی نەخۆشـێک دەبیستی لەناوەڕاستی شاردا
دەنگێکی دانسـقە کە باسی قژی ڕەش و زەرد و ژنانی
چـاو ڕەش و کوڕی بێ کار و کچی بێناز دەکات
بەدەسـتی کوڕێکی کوورەچیشەوە کچێکی ئەسمەر گیری
خواردووە و
لەسەر ئازادی و مارەیی ڕێناکەون
گرەوی شار لەگەڵ گوندە بزربووەکانە
خەڵـک هەموو پێکەوە لەبەردەم دەرگا کڵۆمدراوەکانن و
ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان نییە
خەڵک هەموو بێدارن
گەڕەکێک بەلوعەی شکاوە
گەڕکێکی تر ڕووناکی لێدزراوە

گەڕەکێکــی تر بۆنی خوێندنی کردووە و کتێبی لێدزراوە
گەڕەکێکی تر هەمیشــە بەدەم ئازادییەوە پێدەکەنێ
گەڕەکێک داوای دادپەروەری دەکات
گەڕەکێکی تر دڕکی بەدەســتەوەیە و تف لە دۆلار دەکا
گەڕەکێک لەترســی مەلاکان ناوی خۆیان دەگۆڕن
گەڕەکێک لەخۆشەویستی وەزیران و نووسەران
جلی مۆدە لەبەردەکەن و لەشــەوانی کریسمسدا بەدرۆ
سەما دەکەن
گەڕەکێک کوورەی لێدزراوە و بەدوای قوڕی جەســتەی
ئینساندا وێڵە
گەڕەکێک لەبەر خانەقا ســەفەر دەکەن و
گەڕەکێکی دیکە ئاســکەی ماڵی سەمای تێدا دەکا
شار بە پێکەنینەوە گرتوویەتی
پێکەنینی گەدایەک بۆ نەوایەکی شەوان
ژوورێکی تەنگ و تاریک و شــێواو و بۆنی ناخوش

ژنێکی قەڵەو و چەند پیاوێکی سـمێڵ هەڵکڕوزاو
مەکتەبێک کچی بێ حەیا و چەند کوڕێکی چەقاوەسـوو
ماسـت فرۆشێکی دز و خەیاتێکی درۆزن
شار متمانەی بەخۆییەوە نەهێشتووە
من لەمانە بێگانەم و شـوێن پێ نازانم
جادەکان و دوکانەکان و چایخانەکان و چێشـتخانەکان
ناناسمەوە
گوێم لە توڕەبوونی پیاوێکی بەتەمەنە کە چەندین سـاڵە
نەهاتۆتە بازاڕ
کۆمەڵێک خەڵک لەبەر خۆیانەوە ورتە ورتیانە لە ترسـی
خۆپیشاندانی لە ناکاو
ئەی خوایە چۆن خۆم لە حەشـاماتی شار بدزمەوە

# حەزەکانی من و تۆ

شــەکەت بووم هێندە خەمی جیهان بەشانم هەڵگرم
هێندە نەخشەی جیهان بنوسمەوە
هێندە ناوی وڵاتان ئەزبەر بکەم
هێندە سنوورەکان بە زۆر بپارێزم
کەچی ڕۆژێک جیهان منی هەڵنەگرت و لە نەخشــەیەکیدا
جێگەی نەکردمەوە
شــوێنک نەبوو بۆ حەوانەوەم و سنوورێک نەبوو
بمپارێزێ
لەوەتــەی هەم خەو بەم خەزانەوە دەبینم
حەزم لێیە بەســکی برسییەوە گۆرانییەک بڵێم
شیعری تیا نەبێت
حــەزم لێیە مەڕەکان گورگان خواردوو بوون...
ئەو کاتەی گوند کاول بێت
حەزم لێیە کچە قەیرەکان شــوو نەکەن و
هەمیشــە خەو بە کوڕانی غوربەتەوە ببینن

حەزم لێیە ڕەنگەکان تێکەڵ بکەم...
کاتێک شـــەڕ ڕێگە لە پەلکەزێڕینە دەگرێ
حەزم لێیە پێبکەنم...
کاتێک ڕیزی پیاوانی ماتەم گێڕ لەبەردەم ڕەشـــماڵەکاندا
ڕەش دەچنەوە
حەزم لێیە کاتێک ڕابکەم...
ئەوکاتەی ئێوە ماندووبوون و هەرتک ئەژنۆی شـــکاندوون
حەزی من حەزێکی سەپێنراوە
حەزم لێیە ئێواران درەنگ بڕۆمەوە...
تاکو نانەواخانەکە نەمینێ و هەســـت بکەم هەموو دونیا
برسییە
حـــەزم لێیە هەموو ڕۆژێک بچمە دەم ڕوبارِی نزیک
گوندەکەمان...
تاکو لە خنکان تێبگەم
حەزم لە هەموو شتێکی کۆنە

له پایسکیلێک که پایدانەکەی شکاوه و درەنگ
دەمگەیێنێتە مەکتەب
حەزم لەو کچەیە کە لەخۆڕا خۆشمەویست و ئەو بێئاگا
بوو لەو سۆزە
حەزم لە چایخانەی نزیک ئەو دارستانەیە کە سێبەری
دارەکانی بۆ خاوەنەکەی نەبوو
ئەو چایخانەیەی لە قسەی وشک زیاتر هیچی لێ
فێرنەبووم
حەزم لەو جۆرە ئازادیەیە ئەگەر هەمووان سەرخۆش
نەبووینایە بڕوامان پێی نەبوو
حەزم لە پیاسەی شەوانە بە هەناسەی کۆن کە
زیندەوەر لەترسی ترس بەخەبەر نەبوون
حەزم لەو سینەمایەیە کە ڕووناکی نەدەما
ئیدی تاریکی بۆنی ژیانی خەیاڵاوی لێدەهات و
گەنجەکان خۆیان ڕەحەت دەکرد

حەزم لە سـوارى ئەو كەرانەيە... وەختێك خۆم لە
خوێنـدن دەدزييەوە و هاوڕێكانم پێدەكەنين
حەزم لە هەموو شتێكى قۆڕە
بەلآم لەترسى تۆ ناوێرم

پرد

لەدوو پەیکەردا خۆم دیبوو
پەیکەرێـک بۆ کچێکی خەیاڵی وەک کچە کافرۆش
پەیکەرێکی تر بۆ بیانییەکی ئەفســانەیی
لەبەردەم هەردووکیانا دۆش داماوم
چیبکەم
چاوی خۆشەویستی هیچ نابینێ
بەم درووشمانەوە باسی ژن
هەر یادەوەری مردووە و هیچی تر
ژن لەنێوان ئاســمانی درۆیینە و زەوی خەرابە دا
لە هەردووکیانە و لە هیچیشــیان نییە
من لەســەر بانم و یاخی بوومە و لە کەلی شەیتان
نایەمەوە خوارەوە
لەقینی ئەوەی هەمیشە دەستبەتاڵم
گەمەی ژمارەکان لە ڕاپۆرتی نهێنیدا دەنووســمەوە
ژن وەکــو مریەم وەکو تارمایی دێتەوە و

بەدیار پەیکەری مەسـیح ەوە جۆش دادەمێنیٚ
ئیـدی گریان بۆ بی ئومێدی باوی نەماوە
کچانیش سـوێندیان خواردووە شفرەی هیچ کوڕێکی تر
نەدرکێنن و
پاڵەوانی ڕۆژانێک نەنووسـنەوە کە ئامادە نەبوون
هاوکاری کوڕێک بکەن
من وەک هیچ کەس نییم
خۆم بریندار ناکەم لەسەرابدا
چـوون غروور گرتوومی و یاریش خەڵەتاوی درۆی ئەوان
دۆڕانی هەموو عاشقانم خوێندۆتەوە
جگە لە ئێمە زۆر پاڵەوانی وەهمی هاتن و نەگەیشـتن
قوربانییەک لە دوا ساتی تەمەنی
دەیگوت خۆ ئەزموون کردن شـێتی یە
هەر عاشـقێک گەرەکی بێت بەرەو بەهەشت بچێت
نابێ لەتەنیایی وەڕس بێ

هەر کەســێکیش ئارەزوویەتی جەهەنم جوان بکات
سواری تاکسییەکی هێڵی ناوشار بێ
چیرۆکــی درۆیینە بگێڕێتەوە و پاڵەوانیش هەر خۆی
کەس لەخۆڕا نەچۆتە سەربان
کەســیش بەبێ سەوڵ و کەڵەکێکی شکاو
ڕووباری نەبڕیوە
پەڕینەوە لەپرد
ئاوابوونــی بتی ژن و گۆڕینەوەی تارماییەکانە بە هاوڕێ
ئەم ڕستەیە سەرم قورس دەکات
لە خەمان بیرم بۆلای شــۆڕش دەچێت
تاکو شــەهید بم و پەیکەر بۆخۆم دابتاشم
پەیکەرێک نە بۆ ژن و نە بۆ ئەفســانە.